سەرۆک کۆمار: دەستەاتی دادوەری پایەیەکی سەرەکییە لە بونیادنان و پێشخستنی کۆمەڵگەدا



سەرۆک کۆمار دکتۆر لەتیف جەمال ڕەشید پێشوازیکرد لە دادوەر فایق زێیدان سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری.

لە میانی دیدارەکەدا ئەوە پێنجشەممە 21-3-2024 لە شاری بەغداد بەوەچوو، تاوتوێ بارودۆخی ئەمنی و سیاسی وڵات و ڕۆڵی دەستەاتی دادوەری لە چەسپاندنی هێزی یاسا و دادپەروەریدا کرا.

سەرۆک کۆمار جەختیکردەوە کە دەستەاتی دادوەری پایەیەکی گرنگی دەوڵەت و بناغەی بونیادنان و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەیە کە لەگەڵیدا مافی هاوڵاتیان دەپارێزرێت، هاوکات دادپەروەری بەدیدێت و یاسا جێبەجێ دەکرێت، جگە لەوەی بە دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ ستەملێکراوان دەکرێت و ئاسایش و سەقامگیری دەچەسپێنێت.

سەرۆک کۆمار ستایشی ڕۆڵ و دەستەاتی دادوەری کرد لە جێبەجێکردنی یاساکان کە سیستمی سیاسی و دیموکراسی دەپارێزن و پێگەی عێراقیش پتەو دەکەن.

لەبەرامبەریشدا، دادوەر فایق زێیدان، جەختی لەوە کردەوە کە ئەنجومەنی دادوەری لە ڕۆڵی دامەزراوکانیەوە کار دەکات بۆ چەسپاندنی ماف و بەهاکانی دادپەروەری بۆ ئەوەی ببێتە پاپشتی ڕاستەقینە لە پاراستنی مافە تایبەت و گشتییەکان.

هاوکات ئاماژەی بۆشکرد ئەنجومەنی دادوەری ئەبازگی ووونی پیادە کردو بە پتەوکردنی سەربەخۆیی دەسەلاتی دادوەری و خۆ بەدوورگرتن لە هەر دەستوەردانێک یان فشار و پشتگیریکردنی لە هەر هەوڵێک کە بگەردی و بەهێزی تواناکانی دەستبەربکات.

هەر لەدیدارەکەدا باس لەهەماهەنگی و هاریکاری نێوان سەرکایەتی کەمار و ئەنجومەنی دادوەری کرا لە دەرکردن و پەسەندکردن وداڕشتنی یاساکان کە خزمەتی هاوڵاتیان بکات.